## یاسای ژمارە (  )ی ساڵی ٢٠٢١
## یاسای بەرکارکردنی یاسای ڕەسمی پولی عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠١٢
## لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی (١):**

یاسای ڕەسمی پولی عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەرکار دەکرێت.

**ماددەی (٢):**

دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا، جێگەی دامەزراوە و فەرمانگە ئیتیحادییەکان و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبن، دەگرنەوە.

**ماددەی (٣):**

یاسای ڕەسمی پول ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەرێمی کوردستان – عێراق هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٤):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٥):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی (٦):**

ئەم یاسایە لە دوای تێپەڕبوونی (٦٠) شەست ڕۆژ بەسەر ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

### هۆیەکانی دەرچوواندن

بەهۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر دەرچوواندنی یاسای ڕەسمی پول ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٣ لە هەرێمی کوردستان – عێراق، و لەبەر ئەو پێشکەوتنەی ڕوویداوە لە جۆریی و قەبارەی ئەو خزمەتگوزارییە حکومییانەی دەخوازرێت پێشکەش بکرێن، و بۆ ئەوەی ڕەسم لەگەڵیان بگونجێندرێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر بەهای دراو و چالاکی ئابووریدا هاتووە، و لە پێناو یەکخستنی ڕەسمی پول لە هەرێم لەگەڵ هاوتاکەی لە عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.